# هزری مردن لە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیدا

# فكرة الموت في أشعار باباطاهر الهمداني

# *The Thought of Death in the Poems of Baba Tahari Hamadani*

**أ.د إبراهيم أحمد شوان**
***Pro.Dr. Ibrahim Ahmed Shawwan***
***Ibraheem.shwan@su.edu.krd***
**سمية نجيب خليل**
***Samia Najib Khalil***
***Sumaya.khalil@su.edu.krd***

**الملخص**

الموت هو جانب مهم وحتمي من الوجود الإنساني وإنه مصدر أساسي للخوف والقلق الوجودي الذي يؤثر بعمق على العقل والروح البشرية، ولطالما كان الموت والمسائل المرتبطة به أحد أهمّ الموضوعات الّتي شغلت المفكّرين، والفلاسفة، وعلماء الشريعة، والأدباء، والمتصوفين، فاهتمّوا بهذه المسألة كثيراً وانعكس ذلك واضحاً في نتاجهم الفكريّ والأدبي. وبينما اهتمّ قسمٌ منهم بالموت الإجباري الّذي يرتبط بما جاء في القرآن الكريم والأحاديث النّبوية الشّريفة، انتقل قسمٌ آخر من التّفسير إلى التّأويل فكان لهم مختلفٌ لمسألة الموت وفلسفته. وصبّوا اهتمامهم على مسألة (الموت الإختياري) الّذي استقوا مفهومه من الآيتين الشّريفتين: «فتُوبُوا آلى بارِئِكُم فاقْتُلُوا أنفُسَكُم» و « الّذين جاهَدُوا فينا لنهدينَّهُم سُبُلَنا» ومن الحديث المعروف: «موتُوا قبلَ أن تموتُوا».

نسعى في بحثنا هذا إلى تسليط الضوء على مسألة الموت والموضوعات المرتبطة به في أشعار باباطاهر الهمداني، لنقف على بعدي هذه المسألة في أشعاره، متناولين إيّاها بالبحث والتّحليل. ويعدّ باباطاهر من أتباع الطّريقة الصّوفية، وقد تأثّر كثيراً بكبار أهل التّصوّف والعرفان، وترك تأثيراً واضحاً على مَن جاء بعده. ومن خلال تتبعنا لمسألة الموت في أشعار باباطاهر نجد أنّه قد تطرّق في مواضع عدّة إلى مسألة (الموت الإجباري) فاتّخذه وسيلةً لتقديم النّصيحة وتنبيه المخاطب إلى مخاطر التعلّق بهذه الدّنيا الفانيّة. كما تناول الشّاعر في عدد من أشعاره البعد الآخر لهذه المسألة، أيّ (الموت الإختياري) ورأى فيه وسيلة للتّحرّر من أغلال النّفس الأمّارة والتّغلّب عليها، هذا التّحرّر الّذي يُكلّل بالفناء، وتسقط من خلاله الحُجُب.
**الكلمات المفتاحية:** بابا طاهر الهمداني، التناص، الموت الإجباري، الموت الإختياري.

## Abstract

Death is a significant and inevitable aspect of human existence. It is a central source of fear and existential concern that deeply affects the human mind and spirit. Across the centuries, scholars, philosophers, religious authorities, and particularly Sufi traditions have examined the concept of death from different viewpoints, each adding unique insights to their own understanding to this intricate topic.

For some individuals, death is seen as a natural and compulsory end to life, often interpreted through religious texts like the Qur›an and Hadith of the Prophet Muhammad (peace be upon him). Others have inspected death from a more spiritual and philosophical perspective, proposing a notion of voluntary death which is a form of spiritual transformation based on interpretations of Qur'anic verses such as: "So repent to your Creator and kill yourselves" [Qur›an 2:54], (فَتُوبُوا إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ) "And those who strive for Us—We will surely guide them to Our ways" [Qur›an 29:69], (والّذين جاهَدوا فينا لنهديَنَّهم سُبُلَنا)

as well as the saying: "Die before you die." (موتوا قبل ان تموتوا) Based on both types this study examines how natural (involuntary death) and spiritual (voluntary death) are represented in the poetry of Baba Tahir Hamadani, he was a Sufi poet known for his themes of spiritual and natural death, as well

as mysticism in his work. he has had a great impact on Sufism and gnostic literature, and his influence extended to poets who came after him. According to his poetic texts about the subject of death referring to the natural death as a reminder of the temporary nature of life and the importance of letting go of material illusions. At other times, he discusses voluntary death, which symbolizes self-discipline, the struggle against the commanding self (nafs al-ammara), and the liberation of the soul from the slavery of the nafs ego and worldly desires, ultimately leading to spiritual freedom. The analysis of his poetry reveals that death is not just an ending, but also a significant spiritual awakening.
***Keywords:*** Baba Tahir Hamadani, mysticism, spiritual death (voluntary death), natural death (involuntary death).

## كورتة باس

مردن طةورةترين رِووداويذياني هةر مرؤظيَكة وبة يةكيَك لة ترس ونيطةرانيية سةرةكييةكان ومةتةلَي هزر وروح دادةنريَت. مردن وبابةتي ثةيوةست بة مردن لةو بابةتانةية كة بيرمةندان، فةيلةسوفان، شارةزاياني بواري شةريعةت، ئةديب وثةيرِةواني رِيَبازي سؤفيطةري بة خؤيةوة سةرقالَ كردووة وبة شيَوةيةكي فراوان طرنطييان بةم بابةتة داوةو ولة بةرهةمةكانيان رِةنطيداوةتةوة. بةشيَك لةمانة طرنطييان بة مردني ئيجباري داوة لةو لايةنةوة كة ثةيوةندييان بة قورئان وفةرموودةي ثيَغةمبةرةوة هةية. طرووثي دووةم لة تةفسيرةوة بةرةو تةئويل هةنطاويان ناوة وتيَطةيشتنيَكي تريان دةربارةي مردن وفةلسةفةي مردن هةية كة بة مردني (ئيختياري) ناودةبريَت بة ثشت بةستن بة تةئويلي هةردوو ئايةتي: [فتوبوا الي بارئكم فاقتلوا انفسكم] وة [والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا] يان فةرموودةي (موتوا قبل ان تموتوا). لةسةر ئةم دوو بنةماية هةولَدةدةين بابةتي مردن لة شيعرةكاني باباتاهير شيتةلَ بكةين وهةردوو جؤري مردن لةسةر بنةماي شيكاري شيعرةكاني بخةينةرِوو.

باباتاهير بة يةكيَك لة ثةيرِةواني رِيَبازي سؤفيطةري هةذمار دةكريَت كة كاريطةريى زؤري طةورة ثياواني رِيَبازي سؤفيطةري وعارفاني لةسةر هةبووة وبة هةمان شيَوةش كاريطةري لةسةر شاعيراني دواي خؤي هةبووة. بة ليَكؤلينةوة لة بابةتي مردن لة شيعرةكاني باباتاهير دا بؤمان دةردةكةويَت كة شاعير لة هةنديَ كاتدا طرنطي بة مردني ناضاري داوة وئةمةش بؤ ثةند وةرطرتن وئاطادار كردنةوةية دةربارةي ذياني كورتي دنياي فاني ولة ليَواري بيركردنةوة بتوانين ليَي ئاطاداربين. بةلام شاعير هةنديَ كات باس لة مردني (هةلَبذاردة) دةكات وئةمةي بة هؤكاريَك

زانيوة بؤ ڕووبەڕوو بوونةوة لةطةل نةفسي سـةركيَش (امارة) ودةستةمؤكردني نةفس، ڕةهايي لة جةستةيةك كة سةرةنجامةكةي لةناوضوونة. تا لةم رِيَطةيةوة روح ئازاد بيَت لة كؤت وبةندي جةستة وخواستةدنياييةكاني.

**ووشة كليليةكان:** باباتاهيري هةمةداني، دةقئاويَزان، مردني ناضاري، مردني هةلَبذاردة.

## پێشەکی:

پرسـی مـردن یـەك لەو بابەتـە گرنگانەیە کـە بە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتی مرۆڤی سـەرقاڵی خۆی کردووە وهیـچ بابەتێك بەقەد چییەتـی مردن ودەرەنجامەکانـی لای مرۆڤ گرنگ نەبـووە، دواتریش گەڕان بـە دوای نەمریـدا بووەتە هەوێنی داهێنانی چەندین ئەفسـانەو داسـتانی خەیاڵـی، بەڵام سـۆفی وعاریفان بەهۆی پاککـردن وپاککردن دەروونەوە دەگەنـە کۆتایی ئەو ڕێگە دژوارەی کە ئەفسـانەو حیکمەت وفەلسـەفە تییدا شـەوارەیان کردبوو. بابا تاهیریش وەکو شـاعیرو سـۆفی ناسـراوی سـەدەی پێنجەمی کۆچی ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ بابەتی مردن، بۆ ئەم مەبەستەش شیعرەکانی کردووەتە پردی پەڕینەوەی هزرە سۆفییانەکانی بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە پوچی دونیا ودەسـتهەڵگرتن لە مادده دۆسـتی، ترسـی مردن، سـزای گۆڕو ڕۆژی لێپرسینەوە، بۆ پشـت ئەسـتوری هزرو وتەکانی چەندین ئایەتی قورئانی فەرمـوودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە.

ئەم باسـە دابەشـی سـێ تەوەرە کراوە: لەتەوەرەی یەکەمدا بابا تاهیر ڕوانگەیەکی فەاسەفییانەی هەیە بۆ پرسی مردن وبۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ وسروشت بەراورد دەکا، لەتەوەری دووەمیشدا کە ڕوانگەی ئایینی هەیە بۆ بابەتی مردن، ئەم ڕوانگەیەی شـاعیر پانتاییەکی زۆری لە زەمینەی مردن داگیرکردووە-ترس لە مردن ڕەگەزێکی سـۆفیگەری زاهیدانەیە-. لە کۆتا تەوەریشدا باس لە مردنی ئیختیاری دەکرێت کە شـاعیر وەکو سۆفییەکی بە ئەزموون دوای پاککردنەوەی دەروونی لە گەردی گوناح ودونیا ویستی گەیشتووەتە مەقامە بەرزەکانی سۆفیگەری -سۆفیگەری فەلسەفییانە- بۆیە چیتر لـە مردن ناترسـێ وبە پیرییەوە دەچـێ وئاواتە خوازییەتـی. واتە باباتاهیر لە قۆناغی سـۆفیگەری زاهیدانەوە بەرەو سـۆفیگەری فەلسـەفی هەنگاوی ناوە. لەکۆتایی باسەکەشـدا پوختەی باسـەکە بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ ئەنجام ولیسـتی ئەوسـەرچاوانەی کە سـوودیان لێ وەرگیراوە.

### دەسپێك

مـردن پرسـێکی زینـدوو وبەردەوامی بیری مرۆڤـە، وەکو مەتەڵێکی ئاڵـۆز بۆ وەڵامەکەی سـەرنجی سروشـت وبوونەوارانی دەوروبەری داوەو دواتر بەشـێوەی جوراوجۆر دەربڕیوە. ئەم دەربڕینانـەش چەندیـن ڕوانگەی ئایینی وفەلسـەفی وئەدەبی...هتد لێکەوتۆتەوە. واتە پرسـی مردن ڕەگـی لە سـەرجەم بوارەکانی ژیاندا کوتـاوە و ((وەك ڕووداوێك لە ژیانی مرۆڤدا هاوشـان لەگەڵ

لە دایك بوون و هاوسەرگیری وتەلقیندا بەشی هەرەگەورەی هێماگەری بۆ خۆی بردووە، مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی هێماگەرییەوە مامەڵەی لەگەڵ دیاردەی مردن دەکات)) {ئەحمەد:٢٠١٤: ل ١١٥} واتە مردن لە بەرهەمەکانی بیری مرۆڤدا لە کۆنەوە تا ئێستا هێماو دیدی تایبەت بەخۆی هەبووە. بۆنموونە لە ڕوانگەی ماتریالیستانە مردن ڕووداوێکی ناخۆشی ژیانی مروڤە وبەوهۆیەوە مرۆڤ کۆتایی دێت، بەڵام ((هەموو ئایینەکانی دونیا بڕوایان بە زیندوو بوونەوەی دوای مردن هەیە)) {تیواری:١٣٨١: ل ٢٤٢} هەرچی سۆفی وعاریفە موسوڵمانەکانیشە بڕوایان بە دووجار مردن ودووجار زیندوو بوونەوەی مرۆڤ هەیە (ربنا امتنا اثنتین واحییتنا اثنتین) (غافر:١١). فەیلەسوفێکی وەکو ئەفلاتونیش مردن بە ڕەهابوونی ڕووح لە زیندانی جەستە دادەنێت وترسان لێی بە شورەیی دەزانێ ولەم بارەیەوە دەڵێت: ((پیاوێك کە ژیانی لە خزمەتی فەلسەفەدا بەسەربردبێت دەبێت مردن بە دڵ فراوانییەوە قبوول بکات)) {رسولی بیرامی:١٣٨٧: ل ٩٦}

لەبەرئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەندی بە سۆفیگەری ئیسلامییەوە هەیە، بۆیە بە پێویست دەزانرێت لەو گۆشەنیگایەوە تیشك بخرێتە سەر بابەتی مردن وژیان. ((ئیسلام، بوون بە دوالیزمێکی دوو جەمسەر دەبینێ، یەکەم خودا، دووەم هەموو ڕەگەزەکانی تری بوون- جگە لە خودا- )) {شکار:٢٠١٤: ٤٨} واتە جەمسەرێکیان نەمرەو هەمیشە زیندووە کە خودایەو جەمسەرەکەی دیکەش ژیانیان دەسپێك وکۆتایی هەیە کە مرۆڤ وسەرجەم بونەوەرانی دیکەیە. لەناو زیندەوەرانیشدا مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە عەقل وئیرادەی هەیە. لە دونیا بینی ئیسلامدا زانست وئیرادە بۆیە تایبەتن بە مرۆڤ چونکە لە ڕێگەی ڕوحەوە هاتوونەتە ناو مرۆڤ. (ونفخت فیه من روحی) (الحجر:٢٩) ڕوحیش تا ئەوکاتەیکە نەچووەتە جەستەی مرۆڤ ناوی ڕوحە دوای ئەوە دەبێتە دەروون(نفس)، هەموو نەفسێکیش لەکۆتایدا دەبێ بگەڕێتەوە لای پەروەردگاری (کل نفس ذائقة الموت ثم الینا ترجعون) (العنکبوت:٥٧) -)) {شکار:٢٠١٤: ٥٠-٥١} دواتر سۆفی وعارفان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەونەفسە ی لە جەستەدا بەند کراوە ئازادی بکەن وبیگەڕێننەوە سەرچاوە سەرەکیەکەی کە ڕووحە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕووح داماڵن لە هەرچی گەردو غوباری دونیاو مادده ویستییە بۆئەوەی توانای بەرزبوونەوەی هەبێت، چونکە ڕووح ئاسمانیەو بە بێ پریاسکە هاتووەتە جەستە بۆیە دەبێ بەبێ کۆڵە باریش بڕوات. واتە ڕووح ئازاد نابێ تاوەکو باری سووك نەبێت. هەربۆیە سۆفی وعاریفەکان زۆرجار خۆشی دونیا بە هەوای نەفس ناوزەد دەکەن وچەمکی مردن لای سۆفییەکان زیاتر بەمانای بایەخدان بە ژیانی دواڕۆژو پشت گوێ خستنی ژیانی دونیا دەگەیەنێت، لەم ڕێگەیەشدا بە پێی زانیاری دەقە ئایینی یەکان- قورئان، فەرموودە- کاردەکەن {وما هذه الدنیا الا لهو ولعب وان الدار الاخرة لهی الحیوا لو کانوا یعلمون} (العنکبوت:٦٤) ئەم دونیایە بە تاقیکردنەوەیەك دادەنێن وپشتی پێ نابەستن وڕوو دەکەنە زوهدو خواپەرستی وکار بۆ دواڕۆژیان دەکەن. هەربۆیە لە (فەرهەنگی زاراوەی عرفانیدا مردن بەمانای داکەندنی جامەی ماددی وفڕێدانی کۆت وبەندی دونیاییەو ڕووکردنە جیهانی مەعنەویی) {سجادی:١٣٨٦: ل} دێت.

بە شێوەیەکی گشتی لای سۆفی وعاریفان دوو جۆرە مردن هەیە:

یەکەمیان مردنی ویستراو -ئیختیاری- مردنێکی ڕووحیە وکوشتنی ئارەزووەکانی جەستە وپاکبوونەوەی ناخ ونزیك بوونەوەیە لە سیفەتە خوداییەکان وقوڵبوونەوەو نغرۆ بوونە تێیادا هەروەك جونەیدی بەغدادی دەڵێت: سۆفیگەری ئەوەیە کە خودا لە خودی خۆتدا بتمرێنی وبەخۆی زیندووت بکاتەوە {ئەحمەد:٢٠١٤: ١٢١} و زۆرجار لە سۆفیگەریدا زاراوەی فەنا و مردنی بەر لەمردنی (موت قبل ان تموت) بۆ بەکارهاتووە. دەسپێکی ئەومردنەش تۆبەیە چونکە تۆبە دەسپێکی پاکبوونەوەیە و پاکبوونەوەش مەرجی یەکەمی فەنایە، ئیمام جەعفەر صادق لەم بارەیەوە دەفەرموێت: مردن بریتیە لە تەوبە کردن، هەر لەبەر ئەمەشە خودا دەفەرمویت{فتوبوا الی بارئکم فاقتلوا انفسکم} {بقرة:٥٤} {ابراهیم:٢٠٠٤: ٣١٣} غەزالی لەم بارەیەوە ووتویەتی: بێگومان بە کە ئەگەر لە بێداریدا کەسێك خۆی ڕازی بکات دڵی لە غەزەبی شەهوەت و ڕەوشتی خراپ و نابەجێی ئەم جیهانە دەربهێنێت و لە جێگایەکی بەتاڵ دانیشێت و هۆشی ڕابگرێت و دڵی لەگەڵ عالەمی مەلەکوت پەیوەست بکات. ئەوجا بەردەوام بەدڵ -نەك بە زمان- دەڵێت الله الله تاوای لێ دێت لەخۆی و هەموو عالەم بێ ئاگا دەبێت ولە هەموو شتێك دادەبڕێت جگە لە خودای عەزەوەجەل) {غزالی:١٣٧٤: ٢٣}

دووەم جۆری مردنیش مردنێکی سروشتییە -ئیجباری- واتا مردنێك کە ڕووح لە جەستە ڕزگاری دەبێت دەگاتە ژیانی هەمیشەیی یەزدانی. ئەم جۆرە مردنە پەیوەستە بە بابەتی گۆڕو ئەوەی لە دوای ئەوەوەدێ وەکو (پردی سیرات،سزای گۆڕ،ڕۆژی لێپرسینەوە....). چەمکی مردن زۆر جار هاوشان و هاوتەریبی چەمکی زیندووبوونەوەیە، بۆیە بەرامبەر بەو دوو جۆرە مردنە دووجۆر زیندوو بوونەوەش لای سۆفی و عاریفان بەدیدەکرێت کە ئەوانیش: زیندووبوونەوەو لە دایك بوونەوەی دووەمە و لە دوای پلەی فەنا دێت و پێی دەوترێت بەقا ((مرۆڤە کاملەکان و عارفان بڕوایان وایە کە لە دایك بوونەوەی دووەم لە خودی ڕەگەزەکانی ئەم ژیانەدایە و بەبەردەوامی تێدەکۆشن تا شایستەی بەرزبوونەوە بن بۆ جیهانی مەلەکوت))( {ابراهیم:٢٠٠٤: ٣٢٠} بەرامبەر بە جۆری دووەمیش زیندووبوونەوەو گەڕانەوە بۆلای خودادێت{ ونفخ فی الصورفصعق من فی السماوات ومن فی الارض الا من شاء الله ثم نفخ فیه اخری فاذا قیام ینضرون}(الزمر:٦٨) لە جۆری یەکەمی مردن وزیندوو بونەوەدا تەنها مرۆڤی کامل و هەندێك لە سۆفی و عاریفان تێدا هاوبەشن و لای هەمووشیان بەهەمان شێوە نییە. هەچی جۆری دووەمی مردنە سەرجەم مرۆڤ وزیندەوەران تێدا هاوبەشن. سۆفیەکان زۆر دڵخۆشن بەم جۆرە مردنەو بە پردو قادرمەی دەچوێنن بۆ گەیشتن بە حەق وخۆشیە بێ سنوورەکانی جیهانەکەی دیکە. {وبشر الذین امنوا وعملوا صالحات ان لهم جنات تجری من تحتها الانهار} (سورة البقرة، ایة٢٥) چەندین ئایەتی لەم بابەتە هەیە لە قورئاندا کە مژدە بە ئیمانداران دەدات بۆیە سۆفییەکان زۆرجار دوای زانینی پلەو پایەی خۆیان ئارەزووی مردن دەکەن وتامەزرۆن بۆی.

بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەنێوان مردن وسۆفیگەریدا هەیە، شارەزایانی سۆفیگەری وعیرفان بە چەندین شێوە وجۆری دیکە دابەشکردنیان بۆبابەتی مردن کردووە، بۆ نموونە: حاتەمی ئەسەم (٢٧٣ك کۆچی دوایی کردووە) ڕەنگ بۆ مردن دیاردەکات ولەم بارەیەوە ووتویەتی: ((ئەوەی

کــە دێتــە نێو ئەم ڕێبازەی ئێمەوە، ئەوا ئەم چوار خەســڵەتەی مردن دروســت بکات: مردنی ســپی، مردنی ڕەش، مردنی ســوور، مردنی سەوز. مردنی سپی برســییەتیە، مردنی ڕەشیش بەرگە گرتنە لەســەر ئازارەکانی خەڵکی، مردنی سووریش ســەرپێچی کردنی دەروونە، مردنی سەوزیش ئەوەیە کە پینە بەسەر پینەدا بدەیت)) {شکار:٢٠١٤: ١٢٢}

لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری و عیرفانیدا چەمکی مردن پەیوەستە بە پلەو دۆخی شاعیر. لای شاعیرانی عەشــقی ڕاســتەقینە مایەی دڵخوشــی وئارامییە، لای ئەوانەش کە زۆرتر پابەندی شــەریعەتن جێی ترس ودڵە ڕاوکێیە-زاهید. دوای هاتنی ئاینی ئیسلام مردن لە ئەدەبیاتدا لە سێ گۆشەنیگاوە خراوەتە ڕوو: یەکەمیان ئەوانەن کە بەگەرمی پێشوازیان لە مردن کردووە، دووەمیش ئەوانەن کە بە نەفرەت وڕقەوە ڕوانیویانەتە مردن. کۆمەڵەی ســێیەم زانیویانە واقعیانە مامەڵە لەگەڵ مردندا بکەن، بەمەش مردن بەبەشــێك لە واقعی ژیان دادەنێن، واتە نە مردن بە قوربانی ژیان دەکەن و نەژیان بە قوربانی مردن. {فــلاح:١٣٨٦: ٢٢٣} بەگشــتی ((پرســیارو بیرکردنەوە لە مەرگ بــە قووڵی چووەتە نێو ئەدەبیاتەوە، لە نێو دونیای ئەدەبیات مەرگ وەك پرسیار بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت، وەك ئاڵۆزییەکی هزری بەدوای شــیکردنەوەدا وێڵە، وەك خەمێکی مرۆڤانە بەدوای چارەســەردا سەوداســەرە....واتە مەرگ بەقەدەر گەورەیی خۆی وا لەنێو ئەدەبیاتدایە)){عوســمان:٢٠١٥: ١٥٩} بەڵام وێنەی مردن لە ئاوێنەی هەموو قۆناغ و جۆرو ڕێبازە ئەدەبییەکاندا هاوشێوە نین، بۆنموونە ((کلاسیزمەکان ئەقل دەکەنە پێوەر بۆ قسەکردن لە مەرگ، مەرگ وەك ڕووداوێك دەبینن و لە بینینێکی عەقلانی پرسیارو سەرســورمان و حەپەساوی و هەمدیس شــرۆڤە جیاوازەکانی خۆیان دەردەبڕن)){عوسمان:٢٠١٥: ١٦١}

ئەگەر شــیعرەکانی باباتاهیر بخەینە بەر ووردبینی ئەم پۆلینکرنەی ســەرەوە، دەکرێت بووترێت بە شیعرەکانی لە بارەی مردنەوە بە پلەی یەکەم دەچنە خانەی ڕوانگەی کۆمەڵەی دووەمەوە، چونکە بەشــێکی زۆری شــیعرەکانی لەم بــوارە تایبەت کردووە بــە دەربڕینی ئەو تــرس وبیمەی لە مردن هەبیــووە. لەبەرئەوەی باباتاهیر شــارەزاییەکی تەواوی لەبارەی قورئــان وفەرموودەکانەوە هەبووە هــەر ئەمەش وایکردووە ترســی مــردن زاڵ بێت بەســەریدا، چونکە لە شــەریعەتدا بە ووردی باس لە ســزای گۆڕو ســزای ڕۆژی دوایی خراپەکاران کراوە، بۆیە لە قۆناغێدا ئەم ترســە باڵی بەســەر شیعرەکانیدا کێشاوە. هەر ئەمەشە وایکردووە ترسی مردن لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبێت وجارێك بە شــێری بچوێنێت وجارێك بە گورگ. چونکە لەســەرەتادا هەستی دونیاویستی لای باباتاهیر بە دیدەکرێت و لە هەندێك لە شیعرەکانیدا گلەیی لە کورتی ژیانی مرۆڤ دەکات و دواتریش تاوانی کورتی ژیان دەخاتە ئەســتۆی فەلەك. دواتر لە قۆناغێکی دیکەدا دوای ئەوەی پشــتی لە دونیا کردووەو نەفسی خۆی کوشتوە (مردنی بەر لەمردن) تاوەکو گەیشتوەتە پلەیەك وپێگەی خۆی زانیوە بۆیە چیتر لە مردن نەترســاوە وپێشــوازی لێکردووە، نەك هەئەوەندە بەڵکو لە هەندێك لە شیعرەکانیدا خۆزگە بە مردن دەخوازێ وداوا لە خودا دەکات هەرچی زووتر ڕووحی لە جەســتەی جیا بکاتەوەو بــەرەو جیهانی باڵا وژیانی ئەبەدی ببات، چونکە ســۆفیەکان ئەم جــۆرە مردنەیان بە پردی گەیاندنی

دڵدار بە دولبەر چواندووە. لە قۆناغێکی دیکەشدا بەشێوەیەکی لۆجیکیانە ڕوانیویەتییە مردن وەکو یاسایەکی ژیان، لێرەدا سوودی لە لایەنی لێکچوی نێوان سروشت ومرۆڤ وەرگرتووە بەوەیکە هەردوولا وەرزی جیاوازی تەمەنیان هەیە، هەر لێرەدا چەند پرسیارێکی فەلسەفیانە دەوروژێنێت. بۆیە دەکرێت پرسی مردن لای باباتاهیر دابەشی سێ جۆر بکرێن:

یەکەمیان: دیدی واقعیانە بۆ بابەتی مردن: لە ڕێگەی ووروژاندنی چەند پرسیارێکی فەلسەفییەوە دەست پێدەکات ودواتریش هۆکاری مردن دەخاتە ئەستۆی فەلەك-گەردوون- نەك خودا

دوومیان مردنی ئیجباری کە لە ژێر کاریگەری شەریعەت دایە، لەم قۆناغەدا ترس بەسەریدا زاڵە-ترسی سزای گۆڕو پردی سیرات ڕۆژی قیامەت وکاتی وەرگرتنی کتێبی کردەوەکان.....

سێیەمیان مردنی عاریفانە ترسی دەڕوێتەوەو پێشوازی لەمردن دەکات چونکە قازی خودایەو بە دیداری خودا دەگات ئیتر لای گرنگ نییە سزای گۆڕو جیهانەکەی دیکە.

## تەوەرەی یەکەم:

باباتاهیر لەبارەی پرسی مردنەوە بەراووردی نێوان تەمەنی سروشت ومرۆڤ دەکات چونکە سروشت ومرۆڤ دوانەیەکی لێك چوون لە شیعرەکانی باباتاهیردا. دواتر پرسیارێکی فەلسەفیانە دەوروژێنێت کە بۆچی وەرزەکانی تەمەنی سروشت دووبارە دەبنەوە کەچی تەمەنی مرۆڤ تەنها یەکجار چاوی بەوەرزەکانی تەمەن دەکەوێت؟

بەهار ئامەد بە سەحراوو دەرو دەشت  
جەوانی هەم بەهاری بوود وبگوزەشت  
سەری قەبری جەوانوون لالە روویە  
دەمی کە میهوەشان ئایەن بە گولگەشت {شوان:٢٠١٥: ١٧}

بۆیە ئەوکەسەی لە وەرزی بەهاری تەمەنیدا بمرێت بەردەوام لالە لەسەر گۆڕی دەڕوێت. لێرەدا شاعیر گوڵی لالەی هەڵبژاردووە، ڕەنگی سووری لالە هێمای گیان سپاردن وپاکی وشەهید بوون دێ. دواتر شاعیر وەکو بەردەوامی دان بە پرسیارەکەی نموونەکی دیکە دەهێنیتەوە وبە ئاشکرا تەمەنی سروشت بسەر مرۆڤدا پەسەند دەکات ودەڵێت:

خوڕەم کوهان، خوڕەم هامون، خوڕەم دەشت  
خوڕەم ئانان کە ئین ئالالییان کیشت  
وەسی هەند ووەسی شەند ووەسی یەند  
هەمان کووهو هەمان هاموون، هەمان دەشت {شوان:٢٠١٥: ١٦}

لێرەدا شاعیر وڵامی پرسیارەکەی لە شێوەی گومان لە دووبارە ژیانەوەی مرۆڤ دەربڕیوە. بۆیە بەراوردی نێوان ژیانی مرۆڤ وسروشت دەکات وژیانی مرۆڤ بەکەم دەزانێ، چونکە دووبارە هاتنەوەی وەرزەکان لەسروشتدا دەبینێ ولە بەرامبەریشدا ڕۆشتنی یەکجاری مرۆڤەکانیش دەبینێ. بۆیە دەڵێت هەرتاقمێ دێن بە دیمەنەکانی سروشت شاد دەبن ودەڕۆن. کەچی سوشت هەر وەکو

خۆیەتی.

بە جێ هیشتنی دونیا ئەوەندە کاریگەری لەسەر شاعیر هەیە کە دیسانەوە لە دیمەنێکی دیکەی وەکو چوارینەکەی سەرەوەدا باسی لێوەدەکات بەڵام بە ئەمجارەیان کاریگەری ئەوەندە زۆرە لەسەری کە چاوەکانی خوێنیان لێ دێت-ئەوەندە گریاون سوور هەڵگەڕاون-

یەکی بەرزیگەری نالوون دەرئین دەشت
بە چەشمیی خوون فشان ئالالە میکیشت
هەمیکیشت و هەمیگهوفت ئەی دریغا
کی بایەد کیشتەن و هیشتەن دەر ئین دەشت {شوان:٢٠١٥: ١٨}

(واتە زۆرجار ئەوەی خەریکی چاندن وڕواندن دەبێ چاوی بە بەرهەمەکەی خۆی ناکەوێ وبە جێی دەهێڵێ.)) ل ١٨

دیسانەوە شاعیر پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێت ودەڵێت: مادام ژیانی مرۆڤ ئەوەندە بێ بەهاو کاتییە وڕۆژێك دادێ دەبێت بە یەکجاری بە جێ بهێڵێت ئیتر بۆچی دێتە سەر دونیا؟

لالە کاران دیگەر لالە مەکارید
باغەبانان دوودەست ئەز گول بدارید
ئەگەر عەهدی گولان ئین بود کە دیدەم
بیخی گول بەرکەنید وخار بکارید {شوان:٢٠١٥: ١٨}

داوالە لالە کاران دەکات کە چیتر تۆوی عشق مەچێنن-دونیایان خۆش نەوێت- هەروەها داوا لە باخەوان دەکات ئیتر بیر لە ڕواندنی گوڵ نەکاتەوە-وەچە نەخستنەوە- چونکە تەمەنیان کورتەو جاری وا هەیە ئەوەی دەیچێنێ بۆنی ناکا جا یا خۆی دەمرێ یان گوڵەکە. بۆیە داوا دەکات لەبڕی عشق وخۆشە ویستی بۆ دونیا رق وکینەی بۆ بچێنن.

## تەوەرەی دووەم:

لە هەنگاوی دووەمدا شاعیر هەوڵدەدات سیناریۆی ئایینی بۆ مردن پیشان بدات. بۆیە چەندین نموونە لەبواری مەودا کەمی و بێ بەهایی ژیان دەهێنێتەوەو داوای ئەوەدەکات واز لە دونیا بهێنن، چونکە کۆتاییەکەی ڕۆشتنە.هیچ هێزێك نیە بتوانێت خۆی لەقەرەی هێزی مردن بدات. لەیەکەم دیمەندا ململانێی نێوان تەمەنی مرۆڤ ومردن پیشان دەدات کە بەشکستی مرۆڤ کۆتایی دێت.

شێرمەردی بودەم دڵم چ زوونەست
ئەجەل قەسدم کەرە شێری ژیوونەست
زمو شێری ژیوون پەرهیز میکەرد
تەنم وا مەرگ جەنگیدەن نە زوو نەست {شوان:٢٠١٥: ١٨}

-شێر هێمای دەسەڵات و هێزو دڕندەیی وپاشایەتییە، مرۆڤیش پاشای زیندەوەرانە و هێزو دەسەڵاتیشی بەسەر زیندەوەرانی دیکەی دونیادا زۆرە.

لەبەرئـەوەی مێـژووی نووسـینی چوارینەکانیباباتاهیـر دیارنیە بۆیە بڕیاردان لەسـەر قۆناغی شـیعرەکان کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئاشـکرایە لێرەدا پیرەو خۆزگەو حەسرەت بۆ سەردەمی لاوێتی دەخـوازێ کە وەکو شـێر بـووە. بۆیە شـاعیر دیمەنی مەیدانـی زۆرانبازی پیشـان دەدات، جەنگ وململانێی سەختی نێوان مرۆڤ و ژیان و مردن، شەڕی نێوان دوو شێری ژیان و مرۆڤ کە شێری ژیان سڵ لە شێری مرۆڤ دەکات، واتە مرۆڤ بارتەقای ململانێیەکانی ژیان دێ. بەڵام بەرامبەر بە شـێری مردن شکست دێنێ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هونەری شەڕکردن لەگەڵ مردن نازانێ -هونەری نەمری- کە ئەمەش یەکێکە لەو پرسـانەی بەردەوام فەلسەفەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە کۆتایی ئەم قۆناغەشـدا شـاعیر تاوانی مردن دەخاتە ئەسـتۆی گەردوون وبە گرژیەوە هێرش دەکاتە سەری ودەڵێت:

ئیلاهی گەردنی گەردون شەوەد خورد

کە فرزەندی جیهان را جوملەگی بورد

یەکێ نایێ فلانی زیندە وابی

هەمی گویند فلان بنی فلان مورد {شوان:٢٠١٥: ٢٥}

لەم چوارینەیەدا حەزی شـاعیر بۆ دوونیا بە ڕوونی دیارە، لەلایەکی تریشـەوە پەسـتە بەوەیکە بۆچـی مـرۆڤ ئەونـدەی مردنی لا گرنگـە ئەوەندە باس لە ژیان نـاکات. چونکە بـە پێی بۆچوونی دەروونناسـەکان مرۆڤ زیاتر باس لە شتانەدەکات کە لای گرنگن ئەوجا بە ترسان بێت یاخود حەزو ویست.

دواتر شـاعیر بەردەوام دەبێ لەسەر سیناریۆکەو دیمەنی دیکەی ئەو مەیدانە پیشان دەدات، بەڵام ئەمجارەیان بە هێنانەوەی نموونەی کەرەکێوی -هێمای کەمی دەسـەڵات و هیزە- لە پاڵ شـێرو بەبر، بەمەبەستی بەراوردکردنی دەسەڵات و هێز.

ئەگەر شێری، ئەگەر بەبری، ئەگەر گوور

سەرئەنجامد بوەد جا دەر تەهی گوور

تەنت دەر گوور گەردە سفرە گوستەر

بە گەردش مووش ومار وعەقرەب وموور {شوان:٢٠١٥ :١٦٤}

واتە مرۆڤ بەهێزبێ یا لاواز، ستەمکاربێ یا ستەم لێکراو لە کۆتایدا دەبێ بەرامبەر مردن چۆك دابدات ومەیدانی جەنگ بە جێ بهێڵێ ولاشەی بکەوێ و ببێتە خوانی مێرووەکان.

دیسانەوە شاعیر جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوەو لە چوارینێکی دیکەدا باسی دەکات:

ئەگەر شێری، ئەگەر بەبری، ئەگەر گوور

گوزەر بایەد کونی ئاخر لەبی گوور

دلا رەحمێ بە جانێ خیشتەن کون

کە مورانت نەهەند خوان وکونەن سوور {شوان:٢٠١٥: ١٤}

ئەم چوارینەیە لە ڕووی مەبەسـتەوە تەواوکەری چوارینەکەی پێشوترە بەوەی شاعیر بەقەست

دوو نیوەدێری یەکەم دووبارەدەکاتەوە بۆ ئەوەی مەبەستی دوونیوە دێرەکەی دیکە زەقتر بکات، ئەویش بە ڕووکرنە دڵ وداوای بەزەیی لێکردنی بەرامبەر جەستە، چونکە ئەگەر دڵ کە سەرچاوەی خێرو شەڕە لای مرۆڤ دڕندە بێت وتاوان ئەنجام بدات ئەوا جەستە لە گۆڕدا دەبێتە خۆراکی مارو دووپشك ومشك وئازار دەدرێت. بۆیە داوا لە دڵ دەکات کەسەرچاوەی خێرو شەڕە لای باباتاهیر، بەکردەوە باش بێت وبەزەیی بەجەستەدا بێتەوە، چونکە ئەگەر کردەوەی باش نەبێ دەبنە خۆراکی مێرووەکان لە گۆڕدا، ئەگەریش باشبێ گۆڕ بۆی دەبێتە باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت. هەروەك لەم فەرموودەدا هاتووە {القبر اما روضة من رياض الجنة او حفرة من حفر النيران}

دواتر شاعیر هەوڵدەدات بە ڕوونتر ئاماژە بە بابەتی مردن وپوچی دونیا بکات، بۆیە لەباسکردنی پوچی دەسەڵات وهێزی مرۆڤەوە دێتە سەر باسی پوچی ماڵ وسەروەت وسامانی دونیا وبۆ ئەم مەبەستەش نموونەی دادوەری خوداو ویەکسانی مرۆڤ لە مردندا پیشاندەدات:

بە گورستان گوزەر کەردم کەم وبیش

بدیدەم حالی دەولەتمەندو دەرویش

نە دەروێشێ بە خاکی بێ کفن ماند

نە دەولەتمەند برد ئەز یەك کفن بیش {شوان:٢٠١٥: ١٦٦}

شاعیر بۆ بەراووردکردنی دەوڵەمەندو هەژار ویەکسانیان لەکاتی مردن نموونەی دەروێش دەهێنێتەوە. ئەمەش بەمەبەستی تیشك خستنەسەر بابەتی دونیا نەویستی لای دەروێش وسۆفییەکان. ئاماژەیە بە ئایەتی {كل نفس ذائقة الموت ثم الينا ترجعون} {سورة العنكبوت، آية٥٧}

دوای پیشاندانی دادوەری مردن بەرامبەر دەروێش ودەوڵەمەند ئەوجا شاعیر زیاتر جەخت لەسەر بێ بەهایی ماڵی دونیا وبەجێهێشتنی دەکات وئاڵای دونیا نەویستی لەسەر خاکی وڵاتی دڵیدا بەرزدەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە دەستەواژەی کڵاوی زێڕ وپادشاو حەزرەتی سولەیمان وەردەگریت بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆلای سەروەت وسامان ڕابکێشێ ئەوجا کۆتاییەکەشی پیشان دەدا کە دەبێت بەجێی بهێڵی وبگەڕێیتەوە باوشی خاك.

ئەگەر زەرین کولاهی عاقیبەت هیچ

بەخت ئەر پادشاهی عاقیبەت هیچ

گەرەت مولکی سولەیمانی درەنگینەست

دەر ئاخر خاکی راهی عاقیبەت هیچ {شوان:٢٠١٥: ١٥٢}

لێرەدا دەقئاوێزانی ئاینی کراوە لەگەڵ چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان وسامانەکەی کە لە قوئاندا باس کراوە لە سورەتی (انبياء) ئایەتی ٧٨،٨١، سورەتی (نمل) ئایەتەکانی (١٦،١٥،١٨،١٧،٣٠،٣٦،٤٤) هەروەها لە سورەتی (ص) دووجار هاتوە لە ئایەتی (٣٠،٣٤) لە سورەتی (نیساء) ئایەتی ١٦٣، سورەتی (انعام) ئایەتی ٨٤، سورەتی (سبا) ئایەتی ١٢.

لە دوو نموونەکەی سەرەوەدا شاعیروەکو تەماشاکەرێك دیمەنی گۆرستان پیشانی خوێنەر دەدات، بەڵام لیرەدا وەکو پشت ڕاستکردنەوەو ڕاستی مەبەستەکانی داوا لە خوێنەر دەکات بچێ و ببینێ،

بەوەشەوە ناوەستێ و دونیا نەویستی دەکاتە مەرجی مەرد بوون و سۆفی بوون.

به دونیا دل نەبەند هەرکی مەردە
که دونیا سەر بەسەر ئەندۆهو دەردە
به قەبرستان گوزەرکون تا بوینی
که دونیا با رەفیقونت چ کەردە {شوان:٢٠١٥: ١٨٨}

دەقئاوێزانی ئەو فەرموودەیەیە کە مرۆڤ کە دڵ تەنگ بوو بچێتە گۆڕستان.

شـاعیر دوای پلەی دونیا نەویسـتی دەگاتە پلەی (مشـاهدە) کە دەتوانێت گفتوگۆی نێوان کەللەی سـەری مرۆڤ وخاك بکا لە کاتێدا هەسـتی بینین وبیستنی مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت دەرك بەمە بکات. بۆیە شاعیر لە رێگەی ئەم نموونەیەوە حال وپێگەی خۆی پیشانداوە.

به گورستان گوزەر کەردم سەباحێ
شنیدەم نالەو ئەفغان وئاهێ
شنیدەم کەلە یێ باخاك میگوفت
که ئین دونیا نەمی ئەرزەد به کاهی {شوان:٢٠١٥: ١٨٣}

لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر ئاماژە بە پلەی ڕووحی دەکات وپێی وایە هەرچەند لە بەرزترین پلەی ڕوحیانەتیش بیت کە لە چوار ڕەگەزەکە-عناصر اربعە- (ئاو، ئاگر، با، خاك) کە دەکرێت ئاماژە بێت بۆ پێگەی مرۆڤی کامل وپێغەمبەران، لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆتایدا دەبنە میوانی گڵ.

ئەگەر جایەت بە چەرخی چارەمین بی
مدوومت گورگی مەرگ ئەندەر کەمین بی
وەگەر سەدساڵ دەر دونیا بموونی
دەر ئاخر مەنزلت زیر زەمین بی {شوان:٢٠١٥: ١٨٣}

لێـرەدا دەقئاوێزانی کردووە لەگەڵ دەقی قورئانی {مـا عندکم ینفد وما عند الله باق} (النحل:٩٦) واتـە ئەوەی لای ئێوەیـە هەرکۆتایی دێت ودەبڕێتـەوە، بەڵام ئەوەی لای خوایـە بڕانەوەی بۆ نییە. هەروەهـا ئایەتی {کل من علیهـا فان ویبقی وجه ربك ذوالجلال والاکـرام} {الرحمن: ایە٢٦-٢٧} شـاعیرمەرگی بەگورگ چواندووە لە بێبەزەیی ودڕندەیدا کەبەردەوام لەکەمینە بۆ هێرش کرنەسـەر گیانلەرەرانی بێ دەسـەڵاتی بێ موزەرەت. ئەوەی لێرەدا جێی سـەرنجە ئەو گۆڕانکاریەیە لە وێنەی مرۆڤدا ڕوویداوە، لە گیانلەبەری کێویەوە (شێرو بەبر وگور) بۆ گیانلەبەری ماڵی کە گورگی ئەجەل بـەردەوام بـۆی لە کەمینە. واتـە هەرچەندە پلەی ڕوحیشـت بەرزبێت وتەمەنیشـت درێژ بێت کۆتا وێستگەی شەمەندەفەری ژیانت ژێر زەمینە. چونکە ژیان بۆ پێغەمبەرانیش نەبووە.

دواتریش شاعیر لە چەند چوارینەیەکی دیکەدا باس لە ڕۆژی دوایی دەکات ودەڵێت:

خودایا داد ئەزین دل داد ئەزین دل
که یەك دەم موونەگەشتم شاد ئەزین دل
چوفەردا داد خاهون داد خاهەند

بگۆیەم سەد هەزار داد ئەزین دل {شوان:٢٠١٥: ٤٥}

لێرەدا شاعیر دڵ بەهۆکاری گوناحکردن دەزانێ ولە ڕۆژی لێپرسینەوەدا دەیخاتە ئەستۆی ئەو.

موئەز جەوری بتان دل ریش دیرم

زلالە داغ بەر دل بیش دیرم

چوفەردا نامە خانوون نامە خوونەند

مو ئەز خەجلەت سەری دەرپیش دیرم {شوان:٢٠١٥: ٦١}

لێرەدا باباتاهیر زۆر خەمی لالەی لە دڵدایە-عشقی حقیقی- ڕەنگی لالە سورەو ڕەنگی سوریش لە سۆفیگەری گوزارشتە بۆ نەفسی(ملهمە) بەبەردەوام بوون لەسەر تاعەت وسوننەتەکان بەرەو دڵنیایی-تومەئینییە- ی دەبات. {ضاری،٢٠١٢، ل ٢١٢} ئەگەر بمرێ ونامەی کردەوەکانی بخوێنرێتەوە لەشەرما سەری بەرز ناکاتەوە، چونکە لە پلەیەکی زۆر بەرزی سۆفیگەریدا نییە.

وای ئەز روژێ کە قازیمان خودا بوو

سەری پوردی سیراتم ماجەرا بوو

بە نۆبەت بوگوزەرەند پیرو جوانان

وای ئەز ئان دەم کە نۆبەت زانی مابوو {شوان:٢٠١٥: ٩٣}

لەم چوارینەیەدا شاعیر هەوڵیداوە وێنای ڕۆژی قیامەت -حەشر- پیشان بدات لەکاتی پەڕینەوە بەسەر ئەو پردەی(( لوس و خزەو وەك مووسیش تیژە، پەڕینەوەی خراپەکاران لەو پردە ئاسان نییە دەخزێن و دەکەونە ناو دۆزەخ)) {ئەحمەد:٢٠١٤،٢٥٦} ئەمەش وەکو تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی و دەبێت هەمووان بەسەریدا تێپەڕن، یان ئەوەتا ڕزگاریان دەبێ و دەگەنە بەهەشت یاخود دەکەونە دۆزەخەوە.((ئەم بیروباوەڕە لای زۆرێك لە ئاییەنەکان بەدیدەکرێت وەك ئاییەنەکانی: ئیسلام، زەردەشتی، هیندییەسوورەکان،ئەکسیمۆو ئایینەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو تەنانەت ئایینە سەرەتاییەکانی دانشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیاش بڕوایان بە پردی سیرات هەبووە.)){ئەحمەد:٢٠١٤،ل٢٥٥} بۆیە باباتاهیر لەوکاتە دەترسێت بهسەر ئەوپردەدا تێپەڕ دەبێت نەوەك بەهۆی گوناحەکانیەوە بخزێت و بەربێتەوە.

باباتاهیر بە ئاگاییەوە مامەلە لەگەڵ مردندا دەکات، چەند تەمەنی بەرەو سەرەوە بڕوات ئەوەندە هەنگاوەکانی لە مردنی نزیك دەکەنەوە. چونکە ((پیری بریتییە لە قۆناغی گواستنەوەی گەنجێتی بۆ مردن، کەواتە پیری ئەو قۆناغە ڕاگوزاریە ناجێگیرییەیە کە بارگە کراوە بە ترس ونیگەرانی ودڵە ڕاوکێ لە بەرامبەر مردنداو لە هەمان ئانیش دا قۆناغی غەم وپەژارەو لاواندنەوەی ڕابردووی بەسەر چووە واتە ڕابردووی لاوێتی)) {قەرەداغی:٢٠٠٦: ١٢٩}

سەدایی چاوشانی موردە ئایە

بە گۆش ئاوازەیی جان کەندەن ئایە

رەفیقوون میرەوەن نەوبەت بە نەوبەت

وای ئان رۆژێ کە نەوبەت بەر من ئایە {شوان:٢٠١٥: ١٨١}

لێرەدا اباتاهیر گەیشتوەتە ئەو مەقامێك لە سۆفیگەردا كە هەموو شتێك دەزانێت ودەبیستێت، چونكە مردن دەنگی نییە بەڵام ئەم گوێی لە دەنگی گیانكێشانە، هەروەها لە لایەكی دیكەشەوە بینەری مەرگی هاوڕێیانیەتی بە نۆبەت دەڕۆن وئەمیش چاوەڕوانی نۆبەتی خۆیەتی. ئەمەش بەڵگەیە بۆ قۆناغی پیری. ئەم غەم ونیگەرانییە لە چەندین چوارینی دیكەشدا دەردەكەوێت، بۆنموونە ئەمەی خوارەوە:

درەختی غەم بە جانم كەردە ریشە

بەدەرگاهی خودا نالەم هەمیشە

عەزیزون قەدری یەكدیگەر بدونید

ئەجەل سەنگەست وئادەم میسلی شیشە {شوان:٢٠١٥: ١١٠}

باباتاهیر غەم وپوژارەی پیری وەكو درەختێك ڕەگی لە ناخی دا كوتاوە وبەردەوام نزای لێخۆشبوون دەكات لە دەرگای خودا. ئەجەلی بە بەرد چواندووەو مرۆڤیش وەكو شوشە، واتە دڵڕەقانە مرۆڤ لەناو دەبات.

بوورە ئەی دڵ، بوورە یاری پەشیمان

مەكە كارێ كەزئان گەردی پەشیمان

بە دوو ڕۆژێ بەناكامی سەرئایم

باشە رۆژێ كە گول چینەم بەدامان {شوان:٢٠١٥: ٨٠}

شاعیر دووجار باسی پەشیمانی دەكات كە جارێكیان گوزارشتە بۆ تۆبەكردن ومردنی ویسترا و- ئیجباری- جاری دووەمیش داوادەكا پابەندبێ بەو تۆبەكرن وپەشیمان بوونەوەیە. چونكە تەمەن یەك دوو ڕۆژەو بەناكامی سەر دەنێمەوە. ......ناكامی بۆ؟

پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان

كاروانی بوینەم تا پەشیمان

كوهەن دونیا بە هیچ كەسێ نەماندە

بە هەر رەهە كۆلەباری میكەشیمان {شوان:٢٠١٥: ٨٦}

واتە جیهانی كۆن بۆ هیچ كەسێ نەماوە، وەكو كاروان دێن ودەڕۆن {كل من علیها فان یبقی وجە ربك ذوالجلال والاكرام} (الرحمن:٢٦،٢٧) ئەوەی لەسەر ئەم زەویەیە لەناو دەچێت ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها خودای خاوەن شكۆو بەخشندەیە ومرۆڤیش تەنها بارهەڵگرتن وكۆڵكێشی بۆ دەمێنێتەوە، چونكە لە كۆتایدا دەبێ هەمووی بەجێ بهێڵێ وبڕوات. لێرەدا وێرای بیرهێنانەوەی مردنی ئیجباری ئاماژەش بە مردنی ئیختیاری دەكات چونكە پەشیمانی گرنگترین بنەمای تۆبەیەو تۆبەش سەرەتای دەسپێكی كوشتنی نەفس ومردنی ئیختیارییە. هەروەها باباتاهیر ڕێنمایی خوێنەر دەكات كە ئەوكۆڵ و بارەی سەرشانیان سووك بكەن پێش دەرچوون لە دونیا. ئەمیش دەقئاوێزانە لە جۆری مژین لە ئایەتی: {الذین تتوفاهم الملائكة طیبین} (سوة النحل: ایة٣٢} بە دەرونێكی پاكەوە بە بەخشینی هەموو شتێك بە خودا، بۆیە لەكاتی گەڕانەوەیان بۆلای مەولایان (سبحانە وتعالا) هیچ

شتێك كۆڵی شانیان قورس ناكات.

پەی مەرگی نیكویان گول نەروویی
وەگەر روویی نە ڕەنگش بی نە بوویی
ز خود ڕوو هیچ حاسل بەر نەخیزە
بە جوز بەدنامی یو بێ ئابڕوویی {شوان:٢٠١٥: ١٢٩}

دوای مردنــی ڕابەری ســۆفیگەری ئیتــر ڕابەرێكی هاوچەشــنی ئەو نابێت بۆ ڕێبــوار، ئەگەر بچێتە لای ڕابەرێكی دیكە تام وبۆی وەكو ڕابەری یەكەم نابێ. چونكە یەك لە سیفەتەكانی ڕێبواری ڕاستەقینە وەفادارییەتی بۆ ڕابەرە ڕووحیەكەی. لە هەمان كاتیشدا ئاماژە بە گرنگی ڕابەر دەكات كە چاوساغی ڕێبوارەو بەبێ ئەو ڕێبوار ناتوانێت لە ڕێگاكەیدا بەردەوام بێت، بۆیە ناچارە دوای مردنی ڕابەرەكەی بچێتە لای ڕابەرێكی دیكە. چونكە لە خۆڕسكەوە كەس نابێتە سۆفی وعارف ئەگەر ببێ لێی نازانێ وناوی دەزڕێ.

هومایونم سەری كوو هم وەتەن بی
سەیری عالەم كەرەم هەرجا چەمەن بی
نەخوون دیرم، نەموون دیرم، نە ساموون
دەمی مردن پەڕوباڵم كەفەن بی {شوان:٢٠١٥: ١٢٤}

((هەچەنــدە بابــا تاهیر بێ ســامانەو لــە چیژی ژیان بەدەرە، بەڵام وەك ســۆفیەك خۆی بە پاشــا دەزانێ، پاشــای عەشــقی خوایــی و جوانیی و چۆنیەتی خــوا لە جیهان، ڕەنگــی داوەتەوە و ئەویش سەیری دەكات))ل١٢٤ شاعیر خۆی بە باڵندەی هوما چواندوە كە شوینی سەرچیای نیشتمانەكەیەتی-گەریدەیە- ســەیری دونیا دەكات هەمووی سەوزاییە-شــاعیر مەقامی بلندەو خۆی لە ماددەو ســامان داماڵیــوەو قەلەندەرانــە دەژی، بۆیــە كاتێ دەمرێ وەكو هومــا تیژ ڕەوانە دەفرێ و بــەرەو جیهانی مەلەكوت واتە شوێنی دوای مردنی دەزانێ.

## تەوەرەی سێیەم:

دەكرێت ئەم چوارینەیەی خوارەوە بە پردی پەڕینەوەی پرسی مردن بێت لای باباتاهیر لە قۆناغی ترس لەمردنەوە بۆ قۆناغی پێشــوازیكردن لە مردن، چونكە لە قۆناغی یەكەمدا هێرش دەكاتە ســەر گەردوون وبە بكوژی مرۆڤی دەزانێت، كەچی لێرەدا داوای لێدەكات گیانی بكێشێت.

فەلەك بەرهەم زەدی ئاخر ئەساسم
زەدی بەر خومرەیی نیلی لیباسم
ئەگەر داری بەرات ئەز قەسدی جانم
بكەن ئاخر ئەز ئین دونیا ئەساسم {شوان:٢٠١٥: ٧٧}

واتــە مادام كۆتایــی ژیان هەر مردنەو منیش دەمرم كەواتە زووتر گیانم بكێشــە. لێرەدا باباتاهیر

درکـــی بە پێگـــەی خۆی کردووە ولە پلـــەی ڕەزا دایە چونکـــە (ڕەنگی ڕەش-نیلی- لە ســۆفیگەریدا هێمای نەفسی –مرضی- یە. واتە پلەی شەشەمە وسەختییەکی زۆری بینیوە لە کاتی بڕینی پێنج پلە-مەقام-کەی دیکەدا) {ضاری،٢٠١٢، ل ٢١٢} بۆیە چیتر لە مردن ناترسـێ وئاڵای سـپی بۆ بەرز کردووەتەوە. ئەم مەبەســتەش لە چوارینەیەکی دیکەدا بە ئاشـکرا جاڕی بــۆ دەدات کە هیچ لە مردن ناترسێ ودەڵێت:

دلا ئەسلا نەتەرسی ئەز رەهی دوور

دلا ئەسلا نەتەرسی ئەز تەهی گوور

دلا ئەسلا نەمیترسی کە رۆژێ

شەوی بنگاهی مارو لانەیی موور {شوان:٢٠١٥: ١٥٦}

واتــە ئــەی دڵ هەرگیــز لەوە نەترســی کــە رۆژێکببێتە بنکەی مارو شــاری مێروولــە. ئەمەش پێچەوانەی قۆناغی یەکەمە کە زۆر ترس وبیمی هەبوو لەبارەی گۆڕو ســزاکەی بە مارو دووپشــک و مێروولە و....هتد شــاعیر گەیشــتوەتە ئەو قۆناغەی کە پلە ڕووحیەکەی خۆی دەزانێ و دڵنیایە کە ســزای گۆڕی ئاسانە. ئەمەش پلەی موشــاهەدەیە وئاگاداری دۆخی دوای مردنیەتی. لەدوای ئەمەش باباتاهیر نەک چیتر لە مردن ناترسێت بەڵکو خۆزگەشی پێ دەخوازێ، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت:

خۆش ئان روژێ کە قەبرم میگرە تەنگ

بەبالین سەرم خشت وگل وسەنگ

دووپا دەرقیبلە وجان دەربیابان

تەنم با مارو مووران میکەرە جەنگ {شوان:٢٠١٥: ٤٠}

لای سۆفیەکان مەرگ جۆری هەیە: مەرگی سروشتی ومەرگی ویستراو. ئەوەی ئەهلی تەسەوف بە شــایەنی خۆی دەزانێ مەرگی ویســتراوە بۆ ئەم مەبەستەش پشــت بە پرەنسیبی (بمرە بەر لەوەی بمریــت) دەبەســتن {عوســمان:٢٠١٥: ٢١٨} باباتاهیر لــەم دوو بەیتەدا بە پیــری مردنەوە دەچێ، چونکــە مرۆڤی ســۆفی لای وایە ژیان پەردەیەکە لە نێوان ئەوو خودا، بۆیە بە شــادییەوە پێشــوازی لــە مردن دەکات. لێرەدا وێنەی مردنی مرۆڤی موســڵمان پیشــان دەدات کە لە کاتی ناشــتنیدا ڕووی لــە قیبلــە دەکرێت. هەروەها ئاماژەیە بەوەی جەســتەی لــە ژێر خاك دەکرێت وگیانــی بە یەکجاری لە قەفەســی جەســتەدا ڕزگاری دەبێت ولە بیاباندا دەسووڕێتەوە. لێرەدا شــاعر لە هەمان کاتدا باسی هــەردوو جــۆرە مردن دەکاو دەڵــێ من ئیتر لە مردنی ئیجباری ناترسـم بابمکەنە ناو گۆڕی تەســك وســەرینم خشــت وبەردبێ، چونکە تەنها جەستەی لە ناو گۆڕەو ڕووحی زیندووە. هەروەها جا تامی مردنــی ئیختیاریشــی کردووە، بەوەیکە نەفســی لەگەڵ هــەوای نەفس- مارو مــووران- لەجەنگدایە ومەقامەکانیشــی بڕیوە کە هرمەقامەو پێویســتی بە جۆرە مردنێك هەیە ودەبێت نەفســت لە کۆمەڵێك شــت داماڵی وبیکــوژی، ئەوەش مردنی ئیختیارییە. گیانیشــی- ڕووح- لە بیابانە کــە بیابان ئاماژەیە

بــە تەواوکردنی مەقامەکانی ســۆفیگەری-وەکو لای عەطاری نیشــاپوریش دەبینرێت- دوای بڕینی مەقامەکان ســۆفی ڕووحی زیندوو دەبێت. بۆیە شــاعیر لەم چوارینەیەی خوارەوەدا بەتەواوی خۆی بەدەستەوە دەداو هیچ بەرگریەکیش ناکات.

وای ئان رۆژێ کە دەرگۆررم کەرەن تەنگ

وەریژەن بەر سەرم خاك وخەس وسەنگ

نەپایی ئان کە ئەز ماران گوریزم

نەدەستی ئان کە با مووران کونەم جەنگ {شوان:٢٠١٥: ٤١}

لەهەنگاوی دواتریشــدا بێزار دەبێت لە دەســتی دڵی کە بەردەوام ئــازاری دەداو دەناڵێنێ وداوای دیدار-موشــاهەدە-دەکات بۆیە داوا لە خودا دەکات گیانی بکێشــێ ولە زیندانی جەســتە ڕزگاری ببێ وبگاتە دیداری خۆشەویست.

خودا وەندا من بێزارم ئەزین دل

شەوو ڕۆژان دەر ئازارم ئەزین دل

زبەس نالیدەم ئەز نالیدەنم تەنگ

زموو بستان کە بێزارم ئەزین دل {شوان:٢٠١٥: ٤٢}

لێرەدا شــاعیر ڕوحی خۆی لە شوشــەی دڵدا داناوە بۆ پێشکەشــکردنی پەروەردگاری. واتە دڵ بووتە مەنزڵگەی ڕوح ئەمەش نەریتێکی سۆفییانەیە.

دواتریــش باباتاهیــر لەم بارەیەوە گەیشــتووەتە لوتکەی بابەتە کە بە ودێرە شــیعرەی ئاماژەیە بە مردنی بەر لە مردن:

دلا ناموردە ئاسایش نەبینە

کە موو تا جان نەدادەم وانەرەستم

واتە تاوەکو دڵی نەکوشــتووە لە هەرچی حەزی دونیاییە نەگەیشــتووەتە ئارامی دەروون، تاوەکو گیانی نەسپاردووە لە زیندانی جەستە ڕزگاری نەبووە.

## ئەنجام:

* باباتاهیــر مردنــی لە دوو جۆردا خســتۆتەڕوو ئەوانیــش بریتین لە مردنی ناچــاری ومردنی هەڵبژاردە.

* مردنی ناچاری لای باباتاهیر پشکی شێری بەرکەوتووە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕۆشنایی قورئان وفەرموودە دا جیهانبینی خۆی دەربارەی مردن دەربڕیوە، واتە زۆربەی شیعرەکانی لە بواری مردن دەچنــە نــاو ئەم خانەیەوە، ئەمەش خۆی لــەم چەمکانەدا دەبینێتــەوە: ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ لە بێ بەهایی دنیا، پرس وبابەتی ناو گۆڕ، پرسینەوەی ڕۆژی دوایی وپردی سیرات ووەرگرتنەوەی کتێبی

کردەوەکانی مرۆڤ... ئەمانەش موسوڵمان بوون وپابەندبوونی باباتاهیر بە شەریعەتەوە دەسەلمێنێت.

* هۆکاری زیاتر سەرنج دان وگرنگی دان بە مردنی ناچاری زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لە کۆتایی سەدەی چواری (کۆچی هەتاوی) وسەرەتای سەدەی پێنجی (هیجری هەتاوی) ژیاوە. شاعیران زیاتر لە سەدەی شەش وحەوتی (کۆچی هەتاوی) ڕوویانکردە عیرافان وسۆفیگەری کە بە شاعیرانی (شێوازی-سەبکی-عیراقی) ناودەبرێن. سەرلوتکەی شاعیرانی عیرفان وسۆفیگەری: (سەنایی وعەتتار ومەولانا) بوون. هەرچەند پێش ئەو کاتەش بایەخ بە بابەتی پەیوەست بە عیرفان وسۆفیگەری دەدرا.

*لە بۆچوونی باباتاهیر دا مردن بە دەستپێکی ژیانی دووبارە دادەنرێت؛ ژیانێک کە کۆتایی نایەت وگەڕان بە دوای نەمری تیایدا بە ئەنجام گەیشتووە کە لە ئەفسانە کۆنەکاندا مرۆڤ بە دوایدا گەڕاوە. ئەمەش بە پشت بەستن بە ڕێبازی عارف وسۆفییەکان وئەو مەنهەجەی کە هەیانە.

* لە مردنی هەڵبژاردە باباتاهیر لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ بە برینی قۆناغەکانی سلوک، بەسەر نەفس وخواستە دنیاییەکانی زاڵ دەبێت وپلە بە پلە کاری نەرێنی نەفس بەرەو ئوفول وکوژانەوە دەچێت وئەو کاتە قورسایی باری دنیا لەسەر روحی نامێنێت ودەتوانێت بەرەو دنیای بێ کۆتایی روح پەرواز بکات وبگات بە راستییەکانی ئەو دیو پێنج هەستەکە (حواس پنجگانە)، ئەمەش لە کاتێکدا روو دەدات کە دڵت ئاو بدەی لە دەریای مەعریفەتی ئیلاهی.

* لە ڕێگای شیکاری ئەو شیعرانەی باباتاهیر کە پەیوەستن بە مردن بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر لە نێوان هەمیشە لە نێوان عیشق وترسدا خولاوەتەوە؛ واتا ترسێکی زاهیدانە وعیشقێکی عارفانە. ترس لە ڕۆژی سزا ولێپێچینەوە. بەڵام هەرچی مردنی هەڵبژاردەیە لە بیرو باوەڕی شاعیر تەنیا دۆخگۆڕکێیە لە گۆڕینی جەستەی ڕەگەزییەوە بۆ دنیای روح.

* باباتاهیر لە قۆناغی سۆفیگەری زاهیدانەوە بەرەو قۆناغی سۆفیگەری فەلسەفی هەنگاوی ناوە، بۆیە لە قۆناغی ترس وبیم لە مردنەوە بەرەو قۆناغی خۆزگە خواستن بە مردن چووە.

## سەرچاوەکان:


ابراهیم، د. مجدی (٢٠٠٤)، مشکلة الموت عند الصوفیه الاسلام، ط١، مکتبة الثقافة الدینیة، القاهیرە.

ئەحمەد، بوساحە (٢٠١٤) مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، ئەندێشە، چ١، سلێمانی.

بیرامی، ناصر رسولی(١٣٨٧) بررسی تطبیقی اندیشەهای افلاطون و مولانا، تهران، بهجت.

تیواری، کدارناتان (١٣٨١) دین شناسی تطبیقی، ترجمه مرضیه شنکایی، چ١، تهران، سمت.

صالح، ا.د. ضاری مضهر (٢٠١٢) دلالة اللون فی القرآن والفکر الصوفی، طبعة الاولی، دار

الزمان، دمشق-سوريا.
شكار، سەبوور عەبدولكەريم (٢٠١٤) چەمكی ژيان ومردن لە شيعری مەولەوی ومەولانای ڕۆمی دا، چا١، غەزەلنوس.
شوان، د. ابراهيم احمد (٢٠١٥)، ڕاڤەی دوو بەيتييەكانی بابا تاهيری هەمەدانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
عوسمان، د. سالار(٢٠١٥) مەرگ لە نێوان فەلسەفەو ئەدەبدا(مەحوی) بە نموونە، چاپی یەكەم.
غزالی، امام محمد (١٣٧٤)، كيميای سعادت، بكوشش حسين خديوجم، چ١، علمی وفرهنگی، تهران.
١٠- قەرەداخی، عەتا(٢٠٠٦) گەڕان بەدوای ماناكانی شيعردا، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
قوشەيری ،عبدالكريم(٢٠١٦)، ريسالەی قوشەيری لە زانستی تەصەوفدا، وەرگێڕانی مامۆستا عبدالكريم فتاح، چا١،هەولێر.
فلاح، مرتضی(١٣٨٧) سە نگاه بە مرگ در ادبيات فارسی، دو فصلنامە علمی-پژوهشی(پژوهش زبان و ادبيات فارسی)، شمارە يازدهم پاييز و زمستان.
معتمدی، غلامحسين (١٣٨٦)، انسان ومرگ، چاپ اول، تهران، نشر مركز.